# کەلێنەکانی دەستوری هەرێمی کوردستان



محمد حسین
Mihamad_79@yahoo.com

خامۆشترین و لەبیرکراوترین بابەتێك ئەمڕۆ خەریکە بەسەرماندا تێئەپەڕێت دەستوری هەرێمی کوردستانە . من دڵنیام ئەم فەرامۆشکردنەی لەوەوە نەهاتووە کەدەستور گرنگیەکی جدی لەژیانی ئێمەدانیە , یان خەڵکی کوردستان تائەوڕادە متمانەی بەنوێنەرەکانی پەرلەمانی هەیە و بێخەم لێی دانیشتووە بۆئەوەی ئەوان دەستورێکی بۆداڕێژن کەلانی کەمی خواستەکانی تیا جێگەکرابێتەوە , متمانەیەکی وا نەخۆشانە گەر هاتوو لەواقعیشدا هەبوو ئەوا بەدڵنیاییەوە نابێتە پاساو بۆئەو خامۆشیەی لە ناوەندە ڕۆشنبیریەکەدا بەرامبەر ئەم بابەتە گرنگە هەیە , هەتا ئێستا جگە لەسایتی dengekan.com هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن نابینرێتەوە ئەم مەسەلە گرنگەی کردبێتە جێگەی بایەخی خۆی . هەمووومان ئەزانین لەدەستوری هەمیشەیی عیراقدا ئەو کەشو فەزا دیاری کراوە کەئەبێت دەستوری هەرێمەکان و ( لەناویشیاندا هەرێمی کوردستان ) ی تیابنوسرێتەوە , بۆیە هەر لەسەرەتاوە نابێت چاوەڕێی دەستورێك لەپەرلەمانی کوردستان بکەین لەدەرەوەی فەلەکی دەستوری عیراقەوە بێت و بەو جۆرەبێ کە ویست و ئارەزوەکانمان ئەیەوێت , چونکە پێشتر چوارچێوەی دارشتنەکەیان دیاری کراوە , ئەمەش ئەنجامێکی سروشتی ئەو پێکەوە ژیانەیە کەلەگەڵ میللەتانی تری عێراقدا بەناچاری هەڵمان بژاردووە . بەلاَم خۆشبەختانە مەسەلەکە بەو جۆرە نیە کەهەموشتێك بڕابێتەوە وەك ئەوەی لەدەستوری عیراقدا هاتووە , دەستوری عیراق خۆی بۆخۆی پڕە لەمەتاتیەت و تەم و مژو لێڵی کەهەر بۆ ئەم جۆرە بارو دۆخەو مناوەراتی جیاوازی دروستکردن لەگەڵ ( ئەوی تردا ) باشە . بواری مناوەرەو لێکدانەوەی ناکۆك و جیاواز لە زۆربەی مادەکانی دەستوری عیراقدا هەیە بەتایبەتی ئەومادانەی واجێگەی حەساسیەت و دڵەڕاوکێی خەڵکیە : لەڕوی مەسەلەی ئاین و پەیوەندی بەدەوڵەتەوە , کێشەکانی ژنان و مادەکانی پەیوەندیدار بەباری کەسایەتی و ... هتد ئەومادانەی تر کەکاتی خۆی مشتومڕی گەرمی لێکەوتەوە . هەربۆیە ئەشێت لەو بوارە سنوردارەی خۆیدا پەرلەمانی کوردستان بتوانێت دەستورێك دابڕێژێت کە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان ڕازی بکات و زۆریش ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستوری هەمیشەی عیراقدا .

ئەو پرۆژەی بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان گەلاڵە کراوە تاڕادەیەك هەست بەوە ئەکرێت جیاوازی هەیە لەگەڵ دەستوری عیراقدا , ئەو ترس و دڵەڕاوکیانەی خەڵکی تیاهێورکراوەتەوە کەلە بارەی هەژمونی ئاینی ئیسلام بەسەر دەستوری عیراقدا هەبوو , ئەگەرچی ئەمە بۆتە جێگەی تورەکردنی هێزە ئیسلامیەکان و ئەوەیان ڕاگەیاند کەڕازی نابن بەکەمتر لەوەی لەدەستوری عیراقدا هاتووە .

پرۆژەکە بەسەرەتایەکی جوان دەست پێئەکات , ئەگەر ئەو بەندانەی دەروازەی یەکەم بخوێنیتەوە یەکسەر ئەو هەستەت لادروست ئەبێت کەئەوەی کورد لەم دووسێ ساڵەی دوای سەدام حسێندا لەدانوستاندنە سیاسیەکاندا دۆڕاندویەتی , یان گەر وردتر بدوێین لەسەر مێزی گفتوگۆکاندا بۆی بەدەست نەهاتووە ئەیەوێت بەم دەستورەو لە ڕێگای بە دەستوری کردنیانەوە بەدەستی بێنێتەوە . دیارە سەرکەوتنی ویستێکی وەها گومان زۆر هەڵئەگرێت ! بەلاَم لەلایەکی ترەوە هەنگاوێکی جدیە لەو ڕووەوە کە ئەو سنورە جوگرافیانەی لەمادەی 58 داو دواتریش دەستوری

هەمیشـەیی عیراقـدا وەك ( ناوچـەكانی جێگـەی نـاكۆكی ) وەسـف كـراون لێـرەدا بـەڕونی نـاوهێنراوە وەك بەشـێك لەهەرێمی كوردستان , دەشێت ئەم بەدەستوری كردنەی بیكات بە هێڵێكی سورو ئـیتر سـەركردەكان بـە گوێرەی فشارە ڕۆژانەییـەكانی سـەریان سازشـی لەسـەر نەكـەن . ئـەو دیـاری كردنـە ڕونـەی سنوری كوردستان كەتائێستایش لـەڕوی سیاسیەوە كێشەكانی چارەسەر نەكراوە , دەبوایە دوای یەكلاكردنەوەیەكی سیاسیانەی ئەو ناوچانەی كێشەیان لەسەرە ئەوسا نەخشەی كوردستان لەدەستوردا دیاری بكرایـە , بـەلاَم كەهێشتا ئەمـە نـەكراوە ئـەوا هـەنگاوێكی باشـە سنورە جوگرافیـەكانی كوردسـتان دیـاری بكرێـت , ( مـن بەمەبەسـتەوە ئـەڵێم سـنوری جـوگرافی نـەك نەتـەوەیی , چونكە لەهەمووئەو ناوچە سنوریانەدا كورد لەگەڵ نەتـەوەكانی تـردا لەپێكەوە ژیانـدایـە , زۆریش گرنگـە هەسـتێكی وایـان لادروست بكرێـت كـەوتت كوردسـتان ئـیتر بـەمانای ئـەوە نایـەت كۆمەڵگایـەكی یەكدەسـتی كـوردی یەكڕەنگـە , بـەڵكو توركمان و عەرەب و كلود و ئاشوری و ...هتد هەموئێتنیكە جیاوازەكانی تریش دەبێت بەقەناعەتەوە بڕوا بە پێكەوە ژیانی كورد بكەن لەم وڵاتـەداو , هێنـدەی دەكرێـت هەمووڵایـەك خۆیـان لـەهوتافاتی نەتـەوە چێتی ( قەومەجیـەت ) بەدور بگرن ) .

ئـەوەی جێگـەی ترسـە لـەم دەسـتورەدا دیسانەوە ( ئـادابی گشـتیە ) , ئـەو قەوانـە سـواوەی كەلەوڵاتـە دیكاتاتۆرەكـانی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســتدا بــەناوی ( ئــادابی گشــتیەوە ) وەك شمشــێرەكەی دیموكلیســیان لێكــردووەو ئەوەنــدەی بۆسەركوتكردنی ئازادیە مرۆییەكان بەكارهێنراوە بەدەگمەن ڕۆژێك بینراوە ئادابی كەسی پێ بپارێزرێت .

– لەمادەی $17$ دا هاتووە " ئازادی بڕواو داب و دەستوری ئاینی دەستەبەرە بەمەرجێك لەگەڵ حوكمـەكانی دەستوری كۆماری فیدراڵی عیراقی و ئەم دەستورەو پێڕۆی گشتی و ئـادابی گشتیدا پێچـەوانە نـەبن " . ئـەوەی زۆر جێگـەی دڵـە ڕاوكـێ و گومانـە هـەردوو ناوهێنـانی پێـڕۆی گشـتی و ئـادابی گشـتیە . باشـە كـێ ئەمانـەمان بۆدیـاری ئـەكات ؟ لـە كوردستاندا ئاینمان هەیە شەیتان بەلایەوە تائەو پەڕی هێمایە بۆخراپەو نەفرەت , كەچی ئاینی تریشمان هەیـە پێـی وایە ( مەلەكە تاوسە ) و جێگای ڕێزو تەقدیرە . ئەوەی پێی ئەوترێت ئادابی گشتی لەزۆر وڵاتی دەورو پشتی خۆماندا ئـەزمونی تـاڵی هەیـە لەپێشێلكرنی ئـازادی و مـافی هاوڵاتیانـدا , مەترسـی ئـەم مـادە ئـەو كاتـە زیـاد ئـەكات گروپـە كۆنەخوازو فەندەمینتاڵیستەكانی كۆمەڵگا خودهوشیارانە خۆیان بكەنە پاسەوانی ئەم ئـادابی گشتیەو بەربونـە گیـانی هاوڵاتیـان , وەك چـۆن بینیمـان ( لەهـەولێر تێزابیـان ئـەكردە قاچـی كچـە سـفورەكاندا و , لـە مسـر نەسـرحامدا ئەبوزەیدیان وڵات بەدەر كرد و , لەسوریاش خاوەنی ڕۆمانی وەلیمە للاعشاب البحر – حەیدەر حەیدەریان – بۆمـاوەی چەند ساڵێك كردە بابەتی تەكفیركردن و سزادانو , لەئێران ڕۆژانە بەدارو بەردی ( حەد ) خەڵكی ئەكوژرێت ) . زۆر پێویستە هەر لەم دەستورەدا هێڵەگشتیەكانی ئادابی گشتی بەڕونی دیاری بكرێت , ئـەگینا دورنیـە سـبەینێ بەرپرسـە گەندەڵەكان بیكەن بە قەڵغانێك بۆخۆیان و دەمی هەمووئەوانەی پێ دابخەن كەپێیان ئەڵێت ( جەناب ئەم سـامانە بـی سنورەت لەكوێ بوو ) , ئەبێت بترسین لەوەی كە ئەم ئادابی گشتیە هەر ڕۆژێك دێت هێزی كۆنەپەرستی خۆی دەست كەوێت و بیكاتە فلتەرەێك بۆهەموو ئەوگۆڕانـە كۆمەڵایـەتی و فكری و عەقڵانیانـەی كەلەئاینـدەی كۆمـەڵگای كوریـدا ئەگەری ڕودانیان هەیە , هاوشێوەی ئەوهێزانەی پاسەوان بەسەر شیعرو ئەدەب و خەیاڵی مرۆڤیشەوە دائەنێن .

–لـەمادەی $27$ دا / بەنـدی دوەم / هـاتووە " لـەپێكهێنانی ئەنجومەنـدا نوانـدنی عادیلانـە بۆكۆمەڵـە نەتەوەییـەكانی هەرێمی كوردستان ڕەچاودەگیرێ " ئەمە بۆخۆی هەنگاوێكی باشـە , چـونكە دابـین كردنـی نوێنەرایەتیـەكی پێویست بۆبرێكی گونجاوی ئیتنیكە جیاوازەكانی كوردسـتان هەنگاوێكـە بەئاراسـتەی ڕێزگـرتن لـەمافی ئـەو نەتەوانـە , بـەڵام دەبوایـە هـەمان ڕێوشـوێن بۆژنـانیش بگیرایەتـە بـەر , وەك چۆن لەهەڵبژاردنـەكانی پێشـتردا ئـەوە سـەپێنرا كـەبڕی نوێنەرایـەتیان نابێـت $25\%$ كـەمتر بێـت . كۆمـەڵگای ئێمـە پێویسـتی بەبەنـدێكی لـەم جۆرەهەیـە . لەبەرئـەوەی : – تائێستا بارودۆخی كۆمەڵگای كوردی لـەڕوی پەیوەندیـە كۆمەڵایەتیـەكانی بـاوك سالاری و ڕادەی گەشـەكردنی ڕەوشـی ژنانەوە لەئاستێكدایە ژنان بەهەوڵ و توانای خۆیان ناتوانن سەدا پێنجی كورسیـەكانیش ببەنـەوە , بەڵگەیش بۆئەمـە

ڕێژەی ئامادەییانە لەنێو سەرکردایەتی حیزب و هێزەسیاسیەکانی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی , ئەگەر تەماشای ئۆرگانەکانی سەرکردایەتی هەمووهێزە کوردستانیەکان بکەین ( بەهێزە عیلمانی و چەپەکانیشەوە ) ڕێژەی بەشداری کردنی ژنان ناگاتە 4٪ , کەواتە نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەین ژنان بێن لەواقعەکەدا خۆیان بسەپێنن و لانی کەمی کورسیەکانی پەرلەمان ببەنەوە . هەندێك پێیان وایە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی پارتە بەهێزەکان ژنانی ئاست نزم و ناکارا ببەنە پەرلەمانەوەو لەوێش هەر هەمان ژن دروست ئەکەنەوە کەگوێڕایەڵی پەیوندیە پیاوسالاریەکانن , بەڵام ئەم کێشە هەر بەتەنها کورت نەبۆتەوە بۆژنان بەڵکو نوێنەرانی پیاوانیش پڕن لەخەڵکی لاوازو بێ ئاست و ناکارا , چارەسەری ئەم کێشە لەوەدا نیە کەئەو ڕێژەی بۆژنان دیاری کراوە لابرێت بەڵکو لەوەدایە میکانیزمێکی وەها دروستبکرێت کەژنانێك بچنە پەرلەمانەوە بەڕاستی نوێنەری کێشەو ئازارەکانی ژنان بن . بۆنمونە دەکرێت لە دەستوردابێت , یان بەیاسا ڕێکبخرێت : ئەوە دیاری بکرێت کاندیدەکانی ژنان لەناو هەموولیستەکاندا ئەبێت لەلایەن ڕێکخراوە ئافرەتیەکانەوە دیاری بکرێت , مافی پاڵاوتنی کاندیدی ژن لەناو هێزە سیاسیەکاندا هەر بۆئەو ڕێکخراوانە بێت , خۆشبەختانە هەمووحیزبەکانیش ڕێکخراوی ئافرەتانەی تایبەت بەخۆیان هەیە و بەدڵنیاییەوە لەبەر ئەمە پەکیان ناکەوێت کە کاندیدی پێویستیان دەستنەکەوێت . ڕاستە ئەو ڕێکخراوانەی ئافرەتان لەکوردستاندا هەن هەموویان ڕێکخراوە پیشەییەکانی پاشکۆی حیزبەکانن , بەڵام ڕێکخراوە ئافرەتیەکان بەپێچەوانەی هەمووڕێکخراوە پیشەییەکانی تری ئەو حیزبانەوە وەك ڕیزپەڕێك وا بون لەڕوی چالاکی و جدیەتەوە , ئەمانە تاڕادەیەکی باش هۆشیار بوون بەکێشەکانی خۆیان و بەڕاستی خەباتێکی بەرچاویشیان هەبووە لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا , کەئێمە نمونەی ئەم جۆرە خەباتە لای هیچ کام لەڕێکخراوە حیزبیەکانی تر نابینینەوە , نەخوێندکاران , نەمامۆستایان , نەڕۆژنامەنوسان و ...هتد , دانانی ڕێژەی نوێنەرایەتی بۆئافرەتان وەك چارەسەرێکی واقعی دەرئەکەوێت بۆزیادکردنی ڕێژەی بەشداری سیاسی ئافرەتان لەکوردستاندا , دیاری کردنی ڕێژەیش بەشێوەیەکی جەبری بۆهەموولیستێکی ڕکابەر لەهەڵبژاردنەکاندا نابێتە هۆی تەماشاکردنی ئافرەتی کورد وەك ( لاوازێك کەپێویستە دەستی بگیرێت ) , بەڵکو چارەسەرێکی گونجاوە بۆکەمکردنەوەی قورساییەکانی ئەو ستەمە ڕەگەزیەی لەهەموو خانە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگادا لەئافرەت ئەکرێت .

سەرەکی ترین و کوشندە ترین گرفتێك ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی پێیەوە ئەپلێتەوە ( گەندەڵیە ) ئەو نەخۆشیە پیسەی تەواوی کایەجیاوازەکانی ژیانی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگای گرتۆتەوە , لەم پرۆژەی دەستورەدا ئەوە نابینرێت کەپەرلەمانی کوردستان هیچ نیگەرانیەکیان هەبێت لەبەرامبەر ئەم پەتا کوشندە , پێویست وابوو مادەی تایبەت و ڕێوشوێن و میکانیزمی ڕون و ئاشکرا دیاری بکرایە بۆقەڵاچۆکردنی , لانی کەم ئەبوایە هێندە دەرسیان لەبەغدادی دوای بەعس وەرگرتایە بۆدامەزراندنی دەزگاو دامەزراوەی وەك ئەو ( هەیئەی نەزاهە ) ی بۆڕێگە گرتن لەگەندەڵی دروستکراوە . ناکرێت ئەم کێشە لەبەرچاو نەگیرێت لەپرۆسەیەکی واگرنگ و چارەنوسسازدا , ئەگەر دەستور بەڕاستی بناغەیەکە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری , عەقڵگیرنیە ئەم کێشە بنەڕەتیە فەرامۆشبکات کەئێستا خەریکە ئەبێتە هۆی تەقینەوە و بەیەکاهەڵگژانی نێوان کۆمەڵانی خەڵك و دام و دەزگا حکومیەکان . ئەگەر لە دەستورەکەی عیراقدا نوێنەرە کوردەکان ئەیانوت ئێمە هەر خۆمان نەبوین و لەگەڵ دوولایەنی تری شیعەو سونەدا دەستورمان نوسیەتەوە , ئەوا لێرەدا ئەو پاساوەیان نامێنێت , هەر کەم و کوڕیەك لەو دەستورەدا هەبێت بەرپرسیارێتی مێژوویی ئەکەوێتە ئەستۆی ئەوان و ئەبێت هەر ئەوانیش وەڵامی کۆمەڵانی خەڵکیان لابێت .